# مل بە پیاوسالاری مەدەن!



**پەیمان غەریب**
paimangarib@yahoo.com

ماوەیەکە لێرەو لەوێ دەبینینو گوێ بیستی ئەوە دەبین کە لە وولاتەکانی ئەروپا ژنانی پەنابەر لە لایەن کەس‌وکاریانەوە هە ڕەشەیان لێدەکرێت.

کچێکی تەمەن 17 سال کە لە وولاتی نەرویج لە شاری درامن لە لایەن کەسوکارییەوە دەبرێتەوە بۆ کوردستان بۆ ئەوەی لەوێ بە زۆربیدەن بە شوو لە دوای گەڕانەوەیاندا پۆلیس ئاگاداری مەسەلەکە دەبێتو لە دوای لێکۆڵینەوە لە مەسەلەکە باوکی(8) مانگو براکەی(10)مانگ حوکم دەدرێن. (چیمەن کۆچی) کچە کوردێکی تەمەن 18 سال لە وولاتی هۆلەندا لە لایەن براکەیەوە دەدرێتە بەر چەقۆ..کچێکی تەمەن(16) ساڵ لە نەرویج عیلاقەی خۆشەویستی لە گەل کوڕێك دەبێ کەسوکاری بەم مەسەلەدەزانن هەڕەشەی کوشتنی لێدەکەن.........هتد.
ئەمە بۆوولاتێك کە ما فەکانی ژنانی تیا پێشێل کرا بێتو ژنان بە پلە دوو بە حساب بهێنرێن بە شتێکی ئاسایی لێکدەدرێتەوە. بەڵام لەئەوروپا کە کاتێك ئافرەتیك بە دەستی کەسوکاری لێدریت یاخود هەڕەشەی لێ بکرێت یاسا لێرە بێدەنگ نابێت وە شتێکی زۆر نائاساییە.
ئەبێ پیاوان ئەمە بزانن کە حوکمەت‌وقانون لێرە هەیەو ڕێنادات کە بەئارەزووی خۆیان هێز بە سەرژنەکانیاندا بەکار بهێنن. بۆچی دەبێ کچان نەتوانن بە ئارەزووی دڵی خۆیان کەسێك بۆ شەریکی ژیانیان هەلبژێرنو ژنان نەتوانن وەکو هەر کەسێکی تر بژین؟
بەڕای من دەبێ هەر کەسێکی کەخۆی بە پێشکەوتنخوازو ئازادیخواز دەزانێ کە گوێ بیستی ئەمانە دەبێ ڕاچەلەکێو لە خۆی بپرسێ کەچی پێدەکرێتو دەتوانێ چی بکات؟
من لە (سەنتەری پارێزگاری ژنان لەکوردستان) بۆماوەی 2 سال کارم کردووە شارەزاییم پەیداکردووە لە سەر کێشەی ژنان. جیاوازییەکی زۆر دەبینم. دەبێت ژنان ئەوە بزانن کە هەندێك قانون لەپشتی ژنە. کاتێك کە ژنیك لێدەدرێت یاخود هەڕەشەی لێدەکرێت ئەو کەسەی هەڵدەستێت بە کارەکە دەستگیردەکرێت‌وسزای یاسایی دەدرێت.

ئەم مەسەلەیەی بەجۆرێکە کە کاتێك کوڕێکی گەنجی کورد بیەوێ تێکەڵاوی خەڵکی ئەو وولاتەی لێی دەژی ببێ، قورسە چونکە یەکەم پرسیار کە بەرەو ڕووی دەبێتەوە ئەوەیە کە تۆ پەیوەندیت چۆنە لەگەل خوشکەکەت یان لەگەل دایکت؟ بۆ ئەوەی بەم جۆرە پرسیارانە هەڵیسەنگێنێ ئینجا بڕیاری پەیوەندی لەگەڵ بدات.
ڕاستییەکەی ژنان دەبێت ئەو زوڵمەی لێیان دەکرێ قبوڵ نەکەنو ئاوڕێك لە ژیانی خۆیان بدەنەوەو بزانن کە چەند حەق بە پیاوە دەبێ ئەوەندەش بەو بێت، نە کەم نە زیاد.

2005/05/28

شاری فریدریکستاد/نەرویج